# پێکەنین بە پێی یاسا

## دیمەنی یەکەم

(پـەردە لادەدرێ. تـابووتێکی رۆژگـاری دێـرین دانـراوە. زانایـەك‌و دوو یاریـدەدەری بەدیارییەوەن. زانا دێتە پێشدەمی شانۆ)

بەڕێزان.. پێشەکی باخۆم‌و ئەم دوو زاتـەتان پێبناسێنم. من هـەم مێژووناسـم‌و، هـەم زانایەکی پشکنینی شوێنەواری کۆن، کەئەوی راستی بێ ئەویان خستمییە سـەر رێگـای ئـەمیان‌و، ئـیتر ئـەوە زیـاد لەبیسـت سـاڵە، مـن چـنگم لـەگلۆخۆڵی کـەلاوەی شـوێنەوارە کۆنەکانداـیـە. لەووەختــەوە وێڵــی دوای گۆزەشـکاوو پارچەمســی ژەنگـاوی‌و پەیکـەری سەروگوێلاکشکاوو هەرشتێکیتردام، کەشێوەی ژیانی باووباپیران بخاتـەروو. بەهـەرحاڵ زۆرشتم دۆزینەوەو، لەڕێگەیانەوە شارەزاییەکی باشم سەبارەت بەمێژوو پەیداکرد.. زۆر زیاتر لەوەی کەلەوەبەر وەك مێژووناسێکی ئاکادیمی دەمزانی.

بەڕێزان.. ئەوەی ماوەیـەك لەمەوبـەر، لـەژێر داروپـەردووی کەلاوەکۆنێکدا دۆزیمـەوە، مشــتومڕێکی زۆری لەگــەڵ ئــەم دوو زاتــەدا بۆنامــەوە، کــەدوو یاریــدەدەری کارامــەو لێهـاتوومن‌و، ئـەوانیش لەدەمێکـەوە کەوتوونەتـە داوی خۆشەویسـتیی ئـەم پیشـەیەوە. ئێمـە لـەو مشـتومڕەماندا نەگەیشـتینە ئـەنجام‌و، درێـژەی زۆرکێشـا. سائێسـتا ئێـوەم بۆئەوە داوەتکردوە بکەونە بەینەوەو، بەئەنجامێکمانبگەیەنن کەئایا..

**یاریدەدەر-1-:**

نەء‌و من سوورم لەسەرئەوەی کەنەء.

**یاریدەدەر-2-:**

منیش.. بێگومان منیش دەڵێم نەء.

**زانا:**

راوەستن.. سەبربگرن باقسەکەمیان بۆتەواوبکەم.

**یاریدەدەر-1-:**

ئاخر دوکتۆر.. هەرلەبنەڕەتەوە پێویستی نەدەکرد..

**زانا:**

دەیکرد..

**یاریدەدەر-2-:**

بەڕای تۆ نەك ئێمە.

**سەیرکەر-1-:**

(لەناو هۆڵەکەوە)

ئەرێ ئێمە هاتووین گوێ لەمەتەڵبگرین؟!. ئەوە ئێوە لەچیدەدوێن؟!.

**سەیرکەر-2-:**

دەمخۆش.. منیش دەمویست ئەو پرسیارە بکەم.

**سەیرکەر-3-:**

بەڕێز دوکتۆر.. لەقسەی ئەم دوو زاتە زویرمەبە. وادیارە ناتناسن. من دەتناسمو بەنووسینەکانو کۆششی بەردەوامت لەبوارەکەدا ئاشنام. بەڵام تکایە تێمانگەیەنە.. مەسەلە چییە؟!.

**سەیرکەر-1، 2-:**

ئا دەمخۆش.. مەسەلە چییە؟!.

**زانا:**

بەڕێزان.. هەقتانەو بەسەرچاو. وابۆتانی باسدەکەم. ئەوەی لەژێر داروپەردووی ئەو کەلاوە کۆنەدا دۆزیمەوە، گۆڕێکبوو کەتوندوتۆڵ بەمەرمەڕ هەڵبەسترابوو. دوای وردبوونەوە لەدەوروبەری لەگەڵ ئەم یاریدەدەرانەمدا، بۆماندەرکەوت کەلەقووڵایی بیست پێدا، لەژێر زەمینێکی بێدەرگادابووە. پێکەوە بڕیاری هەڵدانەوەیماندا. لەناویدا گۆڕێکی هەڵبەستراویترمان بینی. لەمیاندا سەرنجمدا لەسەر هەموو لایەکانی نووسراوە: وریابە.. نەکەیت!. منو ئەمانیش پێمانسەیربوو!. بەڵام ئەمان گەیاندیانە رادەی سڵەمینەوە. هەرچۆنێبوو قاییلمکردن بەهەڵدانەوەی ئەویشو هەڵماندایەوە. لەمیاندا ئەم تابووتی حازرییەمان لێدەرکەوت، کەوەکدەبینن تابووتێکی ئاسایی نییە. جاچەندە بەشێوە نائاساییە، بەو نووسینەدا زۆر زیاتر نائاساییە، کەبەژماردە

سەدوبیستو چوار جار لەسەری نووسراوە: نەکەیت سەمهەڵبدەیتەوە!. من بەشبەحاڵی خۆم کەباوەڕم بەقسەی پڕوپووچی لەعنەتی فیرعەونییەکانو ئەو بابەتانە نییە، ئەو وتەی (نەکەیت سەرمهەڵبدەیتەوە)یەش هەروەها تێدەگەمو، هیچ بایەخێکی پێنادەم. لەکاتێکدا ئەم دوو زاتە کەوەك وتم دوو یاریدەدەری کارامەو لێهاتوومن، بەدوای سڵەمینەوەکەی پێشوویاندا، ئێستا ترسێکی زۆریان لێنیشتوە. ئێستا من دەڵێم دەکەمو، ئەوان دەڵێن مەکە.

**سەیرکەر-1-:**

ئێجا چیت لەئێمە دەوێ؟!.. ئێمەت بۆچ مەبەستێك بانگکردوە؟!.

**زانا:**

بۆبڕیاردان کەئایا سەری تابووتەکە هەڵبدەینەوە یان نا؟!.

**یاریدەدەر-1-:**

نەء.

**یاریدەدەر-2-:**

نا نەخێر.

**زانا:**

گوێتان لێیە؟!. ئەوان دەڵێن نەءو من دەڵێم ئا. ئەی ئێوە دەڵێن چی؟!. من رای ئێوەم لامەبەستە.

**سەیرکەر-1-:**

ئا.

**سەیرکەرانیتر:**

ئا.. ئا بەڵێ.. ئا.

**زانا، یاریدەدەرانی:**

(سەری تابووتەکە لادەدەن. کەسێك بەسیماو بەرگی پادشایەکی رۆژگاری دێرینەوە راستدەبێتەوەو هەڵدەڕوانێ. زاناو یاریدەدەران دەبینێ. ئەمان سڵدەکەنەوەو دەکشێنەدواوە)

**پادشا:**

(لەتابووت دێتەدەرەوەو بانگدەکا)

**شارات .. هۆ شارات.. لەکوێیت؟!.**

**یاریدەدەران:**

**(خۆیاندەدزنەوەو هەڵدێن).**

**پادشا:**

**شارات.. کورە شارات لەکوێیت.. بۆچی وەڵامنادەیتەوە؟!.**

**زانا:**

**(ئەویش هەڵدێو، تابووت رادەکێشرێتە پشتەوەی شانۆ).**

**شارات:**

**(کلیلداری کۆشکە. دێتە سەرشانۆ)**

**بەڵێ.. بەڵێ پادشای خۆشیو شادی. بەڵێ فەرموو سەرم لەڕێتە.**

**پادشا:**

**کوڕەکەم.. سەمەرەیە پادشا فەرمانی دەستوبرد بەجێنەهێنرێ. تۆ دەزانیت کەپادشاو فەرمانکردنیان وتووەو، ئانوساتیش جێبەجێبکرێ، دەنا پادشای چییە!.**

**شارات:**

**ببوورە پادشای خۆشیو شادی. فەرمایشتت لەسەرسەرو لەبان چاوە. بەڵام تکایە لوتف بفەرموو، تابزانم پادشام لەچی نیگەرانە؟!.**

**پادشا:**

**کوڕی خۆم.. تۆ لەهەمووان ئاگادارتریت، کەکاتێ من ئەو یاسایەم دانا، دەبوو ئیتر..**

**شارات:**

**بەڵێ.. بەڵێ پادشام.. فەرمایشتت بەجێیە.**

**پادشا:**

**کەچی بڕوانە (ئیشارەت بۆلای یاریدەدەرانو زانادەکا وەك هێشتا لەوێ بن).. بڕوانە ئەو سەروسیما ترشوتاڵانەو، تەنانەت لەبندەستیشمەوە هەبن. دەبێ؟!. شتی وەها دەبێو دەشێ؟!.**

**شارات:**

**(هەڵدەڕوانێو هیچ نابینێ)**

بەڵام پادشام...

**پادشا:**

بیانگرەو بیانسووتێنە. بەدەم زەماوەندێکی حەوتشەوو حەوتڕۆژەوە بیانسووتێنە.

**شارات:**

پادشام بمبەخشە.. کێن؟!.. کامانەن؟!.

**پادشا:**

(ئاوڕدەداتەوە. نەماون)

پیلانگێڕان.. گریانپەرستان.. من لەجموجووڵیان غافڵنیم. لەنیازی پیسیان ئاگادارم. لێرەبوون. بۆکوشتنم هاتبوون. شارات.. من ئومێدێکی گەورەم بەتۆ هەبوو. کەچی کوا؟!.

**شارات:**

گەورەم.. پادشای شادیو پێکەنین.. من..

**پادشا:**

بدەرەوە لەتەپڵی شادی. جاڕدە.. سەرلەنوێ جاڕدەرەوە. من لە دڵسۆزیو باوەڕی پتەوت بەیاساکەم دڵنیام. دەنا ئەوەی کەمێ لەمەوبەر بەچاوی خۆمو لەبندەستمەوە بینیم، دەبوو وایلێبکردمایە گاڵدەم پێستت بکرێتە تەپڵەکەی ئەمجارە. ساڕاکە جاڕدە.. سەرلەنوێ جاڕدە، بەرلەوەی گاڵدەم..

(سەرشانۆ جێدێڵێ)

**شارات:**

(بانگدەکا) کارشا.. هۆکارشا.

**کارشا:**

(دێتە سەرشانۆ) بەڵێ گەورەم.

**شارات:**

جاڕدە.. خێرا جاڕدە.

**کارشا:**

ئەی جاڕمنەدا؟!.

**شارات:**

**دات و لەسەری مەڕۆو بیدەرەوە. فەرمانی پادشای شادی و پێکەنینەو بیدەرەوە.**

**(سەرشانۆ جێدێڵێ).**

**کارشا:**

**(بانگدەکا) ئاندی.. مارپۆ.. کەنداش..**

**(هەرسێکیان کەتەپڵێدەرێك و دوو پاسەوانن دێنە سەرشانۆ. لەگەڵ کارشادا بەدەستوورێکی تایبەتی بۆجاڕدان ریزدەبن. ئاندی بۆماوەیەك لە تەپڵەکەیدەدا)**

**کارشا:**

**(نووسراوێکی بەدەستەوەیەو دەخوێنێتەوە)**

**بەناوی پادشای بەخشندەی شادی و پێکەنینی لەبننەهاتووەوە. ئەی خەڵکی گەرمیان و کوێستانی ئەمپەڕ هەتا ئەوپەڕی وڵات. بۆفەرمانی پادشای سەردارو سەروەرتان گوێقولاغبن. لەمساتە بەدواوە.. گریان، مڕوموچی، رووگرژی، ئاخوئۆفهەڵکێشان، کڕووزانەوە، خەفەتخواردن و تەنانەت بیرکردنەوە لەخەفەتخواردن، چ بەئاشکراو چ بەنهێنی، چ لەبەخەبەریداو چ لەخەودا قەدەغەیە. لەمساتە بەدواوە، دەبێ لەسەرکار، لەحەوانەوەدا، لەسەرشەقام، لەکۆڵاندا، لەناوبازاڕدا، لەدەشت و لەسەر شاخ و لەناودارستان و بێشەلاندا، لەکونی ژوورەوەو تەنانەت لەناوجێگەو لەژێرلێفەشدا، تاخەودەتانباتەوە هەرپێبکەنن.. هەربخنێنەوە.. هەردەمتان بەزەردەخەنەوەبێ.**

**ئەی خەڵکی گەریمان و کوێستانی ئەمسەر تائەوسەری وڵات. باش لە فەرمانی پیرۆزی پادشای سەردارو سەروەرتان ئاگاداربن. لەباری پانی دەرکەوتنی دوو ددان بەلای راستداو دوو بەلای چەپدا. لەباری شاقوولی دەرکەوتنی نیوەی چواری سەرەوەو چواری خوارەوە. ئەمانە نیشانەی پێکەنیندەبن. لەوەزیاتر پەسەندەو ستایشدەکرێ و، کەمتر سەرپێچیکردن دەبێ لەفەرمانی پیرۆزی پادشا. سەرپێچیکردنیش دەبێتە پیلانگێڕان و ناپاکی و، سزاکەی ریشەکێشکردن و سووتاندنی لاشەو بەبادانی خۆڵەمیشەکەیدەبێ، بەدەم زەماوەندێکی حەوت شەوو حەوت رۆژەی پڕ لەشادی و پێکەنینەوە. ئەمە فەرمانی پیرۆزی پادشای سەردارو سەروەرتانەو، ئیتر هەرکەسە ئۆباڵی خۆی بەئەستۆی خۆی.**

**(سەرشانۆ جێدێڵێ)**

**ئاندی:**

(بەدوایدا سەرشانۆ جێدێڵێ).

**مارپۆ، کەنداش:**

(وەك دوو پاسەوان، لەمسەرو لەوسەری شانۆدا رادەوەستن)

**رێبوار-1، 2، 3-:**

(بەنۆرە بەدەم قاقای پێکەنینەوە، بەسەرشانۆدا رادەبوورن)

**رێبوار-4-:**

(بێپێکەنین رادەبووری)

**مارپۆ:**

کورە بوەستە.

**رێبوار-4-:**

(رادەوەستێ).

**مارپۆ:**

بۆچی پێناکەنیت؟!.

**رێبوار-4-:**

بۆچی پێبکەنم؟!.

**مارپۆ:**

(پەلاماریدەدا)بۆچی پێبکەنیت؟!. گوێتلێیە کەنداش؟!.. دەڵێ بۆچی پێبکەنم؟!.

**کەنداش:**

(دێ بەلایەوە) فریای خۆتبکەوە.. پێبکەنە.

**رێبوار-4-:**

سەیرە!.. چی قەوماوە؟!.

**مارپۆ:**

ئای!.. خۆ دەڵێ چی قەوماوە؟!.

**کەنداش:**

نەگبەت فەرمانی پادشایە.. زووکە.. پێبکەنە.

**رێبوار-4-:**

**پادشا؟!.. (دەداتە تێکەڵەیەك لەقاقای پێکەنین و ترسوسام. (دەستی لێبەردەدرێ و دەڕوا).**

**مارپۆ:**

**کەنداش.. راستە ئێمە لەمنداڵییەوە برادەرین. بەڵام بۆجاری داهاتوو وریابە. ئۆباڵت بەئەستۆی خۆتدەبێ.**

**کەنداش:**

**مارپۆ گوناهماندەگا. من دڵنیابووم کەنەیبیستبوو.**

**مارپۆ:**

**گوناهی خۆیەتی. دەبوو هەوڵی بیستنیبدا.**

**کەنداش:**

**دەشێ رێکەوتی کەسینەکردبێ.**

**مارپۆ:**

**دەبووبیکا. کەنداش تکایە.. من ئامادەنیم یەکێکیتر سەرپێچی لەو یاسا پیرۆزەی پادشابکاو، من لەسەری ریشەکێشبکرێم. جگەلەوەی کە خۆت باش دەزانیت، کەسانی بەدکردار چەند زۆرن. کێ دەڵێ ئەو کابرایە، بۆتاقیکردنەوەی ئێمە نەنێردرابوو.. ها.. کێ دەڵێ؟!. هۆشت بەخۆتەوەبێ کەنداش. من لەوسەری هاتوومەتەوە. ئەوەی کردت دووبارەی مەکەرەوە.**

**کەنداش:**

**بەڵام ئاخر..**

**پیرەژن:**

**(بەدەم کڕووزانەوەوە دێتە سەرشانۆ)**

**مارپۆ:**

**پیرێژن راوەستە.. بۆچی پێناکەنیت؟!.**

**پیرەژن:**

**(دەداتە پرمەی گریان).**

**مارپۆ:**

پیرێژنە سەرئاسنینە.. سەرمان بەفەتارەت مەدە. دەی پێبکەنە.

**کەنداش:**

داپیرەگیان هەرچیت لێقەوماوە لەبیری خۆتیبەرەوەو، تکایە پێبکەنە.. تکایە هەوڵبدە پێبکەنیت.

**مارپۆ:**

کەنداش...

**کەنداش:**

تکایە داپیرە.. فەرمانی پادشایە کەدەبێ پێبکەنیت.

**پیرەژن:**

(لەگریان دەوەستێ).

**کەنداش:**

باشە داپیرە.. چاکدەکەیت.. دەی تینبدەرە بەرخۆت‌و، ددانەکانیشت دەربخە. بەلای راستدا دووان‌و، بەلای چەپدا..

**مارپۆ:**

(شمشێری لێدەردێنێ)

ناپاک کەلاکەوە.. گیان لەچنگم دەرناکەیت.. هەردووکتان پێشمکەون..

**کەنداش:**

مارپۆ بەزەییت لەدڵدابێ. بۆمن نا.. بۆئەم پیرێژنە.

**مارپۆ:**

زوو پێمووتیت کەئۆباڵت لەئەستۆی خۆتە.

**کەنداش:**

داپیرەگیان.. هەرکەسێکت مردوە، رەحمەتی خوداو پادشای سەردارو سەروەرمانی لێبێ. بەڵام تکایە پێبکەنە.. تکایە..

**پیرەژن:**

فەرمانی پادشایە کەپێبکەنم؟!. ئای کوڕە شیرینەکانم. ئێوە دەزانن من کێم مردوە؟!. شۆڕەسوارێکم کەلەتەمەنی ئێوەدابوو. دەشزانن بەچی مرد؟!. تاکەمێ لەمەوبەر

نەمدەزانیو، وا لەئێوەم بیست. وائێوە روونتانکردەوە، کەچۆنو لەسەرچی کوژراوە. یازووخ کوڕە شیرینەکانم یازووخ.. کوڕەکەم لەتەمەنی ئێوەدابوو.

**مارپۆ:**

(پەلاماری پیرەژندەدا)

پیرێژنە سەرئاسنینە.. بەم قسە پڕوپووچانە نامخەڵەتێنیت. من پادشای سەردارو سەروەری خۆمم خۆشدەویو، سەرم لەڕێی بەجێهێنانی فەرمانیدا بەختدەکەم.

**پیرەژن:**

گوناحیت کوڕەکەم.. گوناحیت.

**مارپۆ:**

لەوەزیاتر چەنەمەدە. پێشمکەوە بۆوەرگرتنی سزای هەقیانەتی خۆت.

**کەنداش:**

مارپۆ.. بەزەییت لەدڵدابێ.

**مارپۆ:**

(پیرێژندەداتە پێش)

تۆش ئۆباڵت لەئەستۆی خۆتە. هەقی گلەییت بەسەرمەوە نەماوە. خۆت دەبینیتەوە.

(لەگەڵ پیرەژندا سەرشانۆ جێدێڵن)

**کەنداش:**

(ماتوغەمبار دۆشدادەمێنێ)

**(تاریکی)**

## دیمەنی دووەم

(**شوێن:**

(ناو گۆڕستانێکە. هەردوو یاریدەدەر خۆیان تێدا حەشارداوە).

**یاریدەدەر-1-:**

وتم دوکتۆر مەکە.. وتم دوکتۆر دەستمدامێنت، لەکەڵی شەیتان وەرەخوارەوەو، سەری ئەم تابووتە لەعنەتییە هەڵمەدەرەوە.. بەقسەی نەکردم.

**یاریدەدەر-2-:**

کوڕە بگرە من ڕاستوڕاست پێمووت کەمن باوەڕی تەواوم بەو نووسینەی سەرتابووتەکە هەیە. وتم دوکتۆر.. لەعنەتی فیرعەونەکان کەمی نەکوشت. ئەمیش لەعنەتێکە لەو بابەتەو، بانەیورووژێنین. کەچی..

**یاریدەدەر-1-:**

یاتۆ بڵێ: جەنابی فیرعەون بەنەزاکەتەوە نووسیبووی: لەعنەت لەوکەسەی سەری تابووتم هەڵدەداتەوە. کەچی ئەم بەهەڕەشەوە پەنجەی بەچاوماندا کردبوو: نەکەیت سەری تابووتم هەڵبدەیتەوە. مەترسییەکە ئاشکرابوو دوکتۆر.. ئاشکراو زەقبوو. بەڵام ئێمە خۆمان..

**یاریدەدەر-2-:**

گەوجبووین.. داخ گەوجبووین.

**یاریدەدەر-1-:**

ئێستا چیبکەین؟!.. چارچییە؟!. چۆن خۆمان ڕزگاربکەین؟!.

**یاریدەدەر-2-:**

چارو ڕزگاربوون؟!. وەڵا ئەوە مەگەر لەدەست ئەوکەسە بێت، کەئاوەها تووشیکردووین.

**یاریدەدەر-1-:**

مەبەستت دوکتۆرە؟!.

**یاریدەدەر-2-:**

ئەی کێ؟!.. لەو زیاتر کێ هەیە؟!.

**یاریدەدەر-1-:**

بەڵام کوا دوکتۆر؟!. کێ دەزانێ لەکوێیەو چی بەسەرهاتووە؟!.

**زانا:**

(بەدزەدزە دێتە سەرشانۆ).

**یاریدەدەر-1-:**

(دەیبینێ) دوکتۆر..

**یاریدەدەر-2-:**

دوکتۆر باشبوو هاتیت.. فریامانکەوە.. چارمان چییە؟!.

**زانا:**

(ماندووه. دادەڕمێتە سەرزەوی).

**یاریدەدەر-1-:**

چۆنت زانی ئێمە لێرەین؟!.

**زانا:**

نەمدەزانی.. لەکوێوە بیزانم؟!.

**یاریدەدەر-2-:**

ئەی چۆن هاتیت؟!.

**زانا:**

ئێوە چۆن هاتن؟!.

**یاریدەدەر-1-:**

وتمان گۆڕستان بۆخۆحەشاردان لەهەموو شوێنێ باشترە.

**زانا:**

منیش وەك ئێوەی بۆچووم.

**یاریدەدەر-1-:**

ئەی تۆ بۆمان باسکە.. دوای ئێمە چیت بەسەرهات؟!.

**زانا:**

منیش دوای ئێوە هەڵاتم. بەڵام دیم.. ئێوە نەتاندی؟!.

**یاریدەدەر-2-:**

چی؟!.

**زانا:**

ریشەکێشکردن.

**یاریدەدەر-2-:**

ریشەکێشکردن چییە؟!.

**زانا:**

(دەکەوێتە سەرپێ. بەجۆرێك لەنواندنەوە)

ریشەکێشکردن.. یانی زەلامێك.. یانی من یاتۆ.. هین.. ئاوا.. ملی.. ئیتر.. نازانم.. وازملێبێنن.

**یاریدەدەر-1-:**

کەوابێ ئەگەر ئێمەشیان بەردەستبکەوێ..

**زانا:**

بێگومان.

**یاریدەدەر-2-:**

ئەی دەفەرمووو جەنابی دوکتۆر فریامانکەوە.. فەرموو چۆنت تووشکردووین، وەهاش رزگارمانکە.

(دەنگەدەنگێك لەدەرەوەی شانۆ. زاناو یاریدەدەران خۆیان حەشاردەدەن. باوکێك و دولاو دێنە سەشانۆ)

**باوك:**

وامەرگی یەکەمتانم بینیو، بەم دەستانەم ناشتم. مەرگی دووەمتان دڵم دەتەقێنێ. تکاتانلێدەکەم ئێوە وەك کاکتانمەکەن و، فەرمایشتەکەی ئەو زۆرداره بەجێبێنن.

**لاو-1-:**

بابە.. چۆن ئەو داوایەمان لێدەکەیت؟!. تۆ خۆت فێرتکردووین، کەئەگەر سەریشمانی تێدابچێ، قەت مل بۆزۆروجەورنەدەین. کاکیشمان پەیڕەوی ئامۆژگارییەکەی تۆیکردو، من دڵنیام ئەگەر زیندووی بکەینەوە پەشیمانی نانوێنێ.

**باوك:**

کوڕەکەم لێممەگرە.. منیش لەئامۆژگارییەکەم پەشیماننیم. بەڵام رەنگە..

**لاو-2-:**

رەنگەچی؟!. زۆروجەورەو پادشایەکی دڕندەی نەگریسدەیکا.. بەوێنەیەکیش کەمەگەر تەنیا لەئەهریمەن بوەشێتەوە.

**لاو-1-:**

ئەهریمەن؟!. ئەهریمەن قەت ئەمشێوە دڕندەیەتییەی بەبیردا نەهاتوە.

**لاو-2-:**

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە!. چۆنچۆنی بیری بۆیچووە؟!. گریان.. مڕوموچی.. کڕووزانەوە.. تەنانەت بیرکردنەوە لەخەفەتخواردن قەدەغەبێو، بەردەوام پێبکەنیت!. ئەگەرنا سزات ریشەکێشکردنبێ.. ریشەکێشکردن.

**لاو-1-:**

بابە.. تۆیەك کەکەمێ لەمەوبەر، کوڕی گەورەی ریشەکێشکراوت بەدەستی خۆت بەخاکسپارد، دەتوانیت لەقاقابدەیت.. پێبکەنیت.. تەنانەت وشکە زەردەیەکیش بخەیتە سەرلێوانت.. دەتوانیت؟!.

**باوك:**

لەعنەتتلێبێ.. لەعنەتی ئاهووراتلێبێ، هەی لەئەهریمەن ئەهریمەنتر. تۆ لەچ قوڕنەیەکی دۆزەخدا بەستراب‌وویتەوەو بەرەڵاکرایتە گیانمان؟!. چۆن بەرەڵاکرایتو، کێ بەرەڵایکردیت.. کێ.. کێ؟!.

**لاو-1-:**

بابەگیان هێوربەرەوە.. تکایە هێوربەرەوە.

**باوك:**

(هێوردەبێتەوە. هەردوولاو بەدیارییەوە خامۆشدەبن. خشپە خشپێکیاندێتە بەرگوێ. هەردوو لاو شمشێردەردێنن. دەچن زاناو یاریدەدەرانی دێننە سەرشانۆ)

**باوك:**

ئێوە چینو کێن؟!.

زانا، یاریدەدەران: (وەڵامیان بۆنادرێتەوە).

**لاو-1-:**

بابە.. ئەمانە جاسووسن.

**لاو-2-:**

ئاباوکە.. جاسووسی پادشان.. تۆ بڕوانە جلوبەرگیان.. بڕوانە چۆن شێوەی خۆیان گۆڕیوە.

**زانا:**

(بۆ باوك).. نا بەڕێز.. نا.. ئێمە جاسووسی پادشانین.

**باوك:**

ئەی چین؟!.

**زانا:**

زانا.. من زانای شوێنەوارمو، ئەمانیش یاریدەدەرمن.. یاریدەدەر.

**باوك:**

ئاها!.. کەوابوو تۆبوویت.. ئێوەبوون!.

**زانا، یاریدەدەران:**

(سەرکزن. وەلامنادەنەوە).

**باوك:**

دانیشن.

زانا، یاریدەدەران: (دادەنیشن).

**لاو-1-:**

بابە.. باوەڕپیانپێیمەکە.. جاسووسن.

**باوك:**

ناکوڕەکەم.. نەء.. جاسووسنین. بەڵکو ئەمانیش لەترسی ریشەکێشکردن هەلاتوون. (بۆ زاناو یاریدەدەران) بەهەرحاڵ وائێستا چارەنووستان لەگەڵ چارەنووسماندایە. بەدەستی خۆتان چاڵتان بۆخۆتان هەڵکەند. ئێستا فەرموون بدوێن. چیدەکەن و نیازی چیتان هەیە؟!.

**زانا:**

(دەکەوێتە هاتوچۆکردن و بیردەکاتەوە. رادەوەستێ و بەبێقسە، رووی پرسیار لەیاریدەدەراندەکا. ئەوانیش دەکەونە هاتوچۆ بیرکردنەوە. رادەوەستن و ناگەنە ئەنجام)

**باوك:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ)

گوێبگرن بامن پێتانبڵێم. دەزانن دەبێ چیبکەن؟!. دەبێ بەهەرشێوەیەکبووە، جەنابی پادشا بئاخننەوە ناو تابووتەکەی. ئەوە تاقە چارەسەرە. چەندیش زووبکەن درەنگە.. بۆخۆتان و بۆئەو هەزاران سەرەیتر کەبەڕێوەن، بەڕیشەکێشکردن لەلەشیان جیابکرێنەوە.

**زانا:**

دەمخۆش.. زۆر بەجێیە. بەڵام چۆن؟!.

**باوك:**

چۆن سەریت هەڵدایەوە، ئاوەهاش سەری بنێرەوە.

**زانا:**

بەسەرچاو.. دەیکەم. بەڵام یەکەم: چۆن دەستمان بەتابووتەکە بگاتەوە. دووەمیش: چۆن ئەو جانەوەرە بەگیربێنین و، بیخەینەوە ناو تابووتەکە؟!.

**باوك:**

گوێبگرە.. بۆیەکەم: ئێمە خۆمان دەستت بەتابووتەکە دەگەیەنین. بۆ دووەمیش: لەکاتی خۆیدا تێتدەگەیەنم چۆن.

(تاریکی)

## دیمەنی سێیەم

(ڕووناکی. پادشا ڕووەوبنەوەی شانۆ لەسوژدەدایە. تابووتەکەی لەنزیکییەوە دانراوە)

**دەنگی ئەهریمەن:**

من لێتڕازینیم. تۆ هێشتا ئاسوودەت نەکردووم.

**پادشا:**

بمبەخشە سەروەرم.

**دەنگ:**

من لەناو هەزاران پادشاو میرو سەرداردا تۆم هەڵبژاردو، پشتم پێبەستیت.. تۆم بەو خاوەن دەستە پۆڵایینەزانی، کەئەو یاسا پیرۆزەم بۆ بسەپێنیت. کەچی کوا؟!.

**پادشا:**

سەروەرم.. چۆنت پێسپاردوم بێدرێغیکردن بەجێمهێناوە.

**دەنگ:**

**بەڵام سەرپێچیکاران هێشتا هەن.**

**پادشا:**

**تاقیان ناهێڵم.. دەیانهاڕم.. بەڕەچەڵەکیاندا دەچمەخوارەوە.**

**دەنگ:** (بەدەم وردەوردە کزبوونییەوە)

**لەبندەستتەوەن.. لەبندەستتەوە.. لەبندەستتەوە.**

**پادشا:** (هەڵدەستێ. وەردەچەرخێ)

**شارات.. کورە شارات..**

**زانا:**

(دێتە سەرشانۆ. بەتەوسەوە)

**ئەمرکە پادشای خۆشیو شادی!.**

**پادشا:** (سەرسامی)

**شارات.. کورە هۆ شارات.**

**زانا:**

**عەزێت مەکێشە.. هەموو شاراتەکانت، بەگۆڕەکانی خۆیان شادوشوکربوونەتەوەو، ئێستا وانۆرەی تۆیە.**

**پادشا:**

**من؟!.. تۆیەکی زەبوون دەتوانیت من...**

**زانا:**

**ئا تۆ.. تۆو بۆهەتاهەتایە.**

**پادشا:**

**ناتوانیت.. مردوو نامرێنرێتەوە.**

**زانا:**

**ناتمرێنمەوە.. دەتنێژمەوە. (دەستی بۆتابووتەکە درێژدەکا).. دەی.**

**پادشا:**

**ناچم.**

**زانا:**

ناچیت؟!. (ئیشارەت بۆئەملاوئەولای شانۆدەکا).. وەرن.

**یاریدەدەران:** (دێنە سەرشانۆ)

**زانا:**

دەی.. گۆڕبەگۆڕبیبکەنەوە.

**پادشا:**

ناچم.. ناتوانن.. ریشەکێشتاندەکەم.. دەتانهاڕم.. دەتانسووتێنمو، خۆڵەمێشتان بەبادەدەم.

**یاریدەدەران:**

(پەلاماریدەدەن. دەیخەنە تابووتەکەوە).

**پادشا:**

نابێ.. ناکرێ.. ناتوانن.. سەرپاکتان ریشەکێشدەکەم. بەرەچەڵەکتاندا دەچمەخوارەوە. دنیاتان بەسەردا دەڕووخێنم. بەسەر ئێوەو بەسەرخۆشمدا. دوای من نابێ کەس بمێنێ.. نابێ هیچ شتێك بمێنێ... نابێ دنیاش بمێنێ.

**یاریدەدەران:**

(پاڵیدەخەن)

**زانا:**

(سەرقاپی تابووتەکە دادەداتەوە. دێتە پێشدەمی شانۆ)

بەڕێزان بمبەخشن.. وابزانم بۆتاندەرکەوت، کەمن چەندە مێژووناس و زانایەکی شوێنەواری کۆنم، هێندەش ئەکتەرێکی باشمو دەتوانم چاك تێکەڵ بەیەکتریانبکەم. من لەمڕووەوە لەخۆم دڵنیام. بەڵام هێندەی پەیوەندیی بەئێوەوە هەبێ، هیوادارم دڵی کەستانم نەیەشاندبێو، خوانەخواستە هیچ نووکەدەرزییەکم بەبنی نینۆکی کەستاندانەکردبێ. باوەڕمپێبکەن من کابرایەکی زۆر دڵسافمو، رقم لەکەس نییەو، حەزناکەم کەسیش رقی لێمبێ. بەڵام هێندە هەیە، کەڕقێکی ئەستوورم بەزگماکی

سـەبارەت بـەزوڵموزۆر، لەباووباپیرانـەوە بۆماوەتـەوە. مەبەستیشـم لـەوەی بینیتـان، دەربڕینـی ئـەو رقەیـە. بەهـەرحاڵ، هەرچـۆنێکبوو مـن کـابرام گـۆڕبـەگۆڕکردەوە. ئـیتر خۆتان‌و خودای خۆتان.

**(تاریکی)**

لەژمارە (12)ی ئەیلوولی (1983)ی گۆڤاری (کاروان)دا بۆیەکەمجار بڵاوکراوەتەوە.